# بەياننامەی ليژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی كوردستان سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای ناوچە سنوريەكان و ناوچە دابڕێنراوەكانی هەرێمی كوردستان

بۆ هەموو ناوەندەكانی برِياری نێودەوڵەتی و ناوچەيی و عێراقی و كوردستانی ڕادەگەيەنين، كە دۆخی هەرێمی كوردستان لە بارێكی نائارامدايەو مەترسی گەورە لە دەرەنجامی رەفتاری نا بەرپرسانەی ولآتانی دراوسێ و حكومەتی ئيتحادی عێراقەوە وايكردووە، ڕۆژ بە ڕۆژ پێشێلكاريەكانی مافی مرۆڤ لە ئاستی دەوڵەتدا دەرهەق بە هەرێمی كوردستان زياتر دەبن. لە ئەنجامی ئەوەدا دانيشتوانی سيڤيلء هاولآتيان لە پيرو گەنج و ژن و منداڵ كراونەتە ئامانجی تۆپ و فرۆكە جەنگيەكانی ئێران و توركيا .

دواين ڕووداوی ويژدان هەژێن قەتل و عام كردنی خێزانێك بوو بە بوردومانی فرِۆكەكانی توركيا لە ناو قولآيی خاكی هەرێمی كوردستان. كە بووە مايەی شەهيد بوونی هەموو ئەندامانی خێزانەكە، كە لە ئوتومبێلێكی مەدەنيدا بوون و ژمارەيان (٧) كەس بوو. ئەمە گەورەترين پێشێلكاريەء دژە بە مافی ژيان و مافی مرۆڤ و سەروەری خاك و رِيزی دراوسێيەتی. لەهەمانكاتدا دوورە لە هەموو پرەنسيپ و بنەما ياسايی و مرۆييە نيودەوڵەتيەكان. لەو ڕووەوە دووپاتی دەكەينەوە هاولآتيان و خاك وخەڵكی هەرێمی كوردستان ڕووبەڕووی خراپترين و مەترسيدارترين هەرِەشە دەبنەوە. بۆيە جگە لە ئاگا\\اركردنەوە، هۆشداريی دەدەينە ناوەندەكانی برِيار لە كۆمەڵگای نێو دەوڵەتی و ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤ و يەكێتی ئەوروپا و ڕای گشتی كەهەرێمی كوردستان لەم شەپۆلی هەرِەشانە بپارێزن و، لە هەمان كاتدا نيگەرانی خۆمان ڕادەگەيەنين لە بەرامبەر بێدەنگی نواندنی ئەو ناوەندانەدا.

ئێمە لەكاتێكدا بە دەنگی بەرز ئيدانەو مەحكومی ئەو تاوانانە دەكەين كە دەرهەق بە خەڵكی سيڤيل و دانيشتوانی گوندەكان ئەنجام دەدرێن، هەموو لايەكی ئازاديخواز و مرۆڤ دۆست ئاگاداردەكەينەوە كە رەوشەكە لە بارێكی زۆر ئاڵۆز و مەترسيداری مرۆيدايە .

پێويستە هەموو لايەك بە گيانی بەرپرسيارێتی و ئاكارييەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو هەرەشانەدا بكەن كە دەكرێتە سەر گەلی كوردستان و مافەكانيان، لە هەمان كاتدا رايدەگەيەنين كە بارودۆخەكە پێويستی بە يەكێتی گوتارو هەڵوێستی هەموو لايەنە كوردستانیء ناوەندەكانی برِيارە لە كوردستان و عيراقدا، لەپێناو ڕێگريكردن لەو پێشێلكاريانەی مافەكانی مرۆڤ و بەزاندنی سەروەری خاكی هەرێمی كوردستان. داواش دەكەين بۆ بەرگرتن لە بەلآی گەورەترو تاوانی زياتر، فشار بخەنە سەر دەوڵەتی توركيا و ئێران كە بە بيانوی pkk و پژاكء

هۆکاری ترەوە، گوندەکان و ژن و منداڵ و پیر و لاوی کوردستان نەکەنە ئامانجی کردەوە سەربازیە نەخوازراوەکانیان .

لەم سەردەمەدا دیبلوماسیەتی زبرو بەکارهێنانی چەك و تۆپ و فرۆکە نەك چارەسەری گرفتەکان ناکات، بەڵکو ئاڵۆزتری دەکات و ئەم قۆناغە لە هەمو کات زیاتر پێویستی بە دیبلوماسیەتی نەرم هەیە. واتە ڕێگای دیالۆگ و لۆژیکی لەیەکتر گەیشتن بۆ گەیشتن بە چارەسەری دیموکراسی و پاراستنی مافەکان بە شێوەیەکی گشتی ئەرکی راستەقینەی هەموو لایەکە، لە هەمان کاتدا پێویستە قوربانیەکانی ئەم دواییەی فرۆکەکانی تورکیا بکرێتە دەرسێك کە هەرێمی کوردستان لە دۆخێکدایە بەرگەی ئەو هەموو نەیارییء دوژمنکارییە ناگرێت، کە لێرەو لەوێ دەکرێتە سەری. لەبەر ئەو راستیانە نابێت ڕێگە بدرێت هەرێمەکەمان بکرێتە گۆرەپانی گرفتە ناوخۆییەکانی ولآتانی دراوسێء گرفتەکان بیهاوێژنە دەرەوەی سنوری خۆیان بەهەربیانویەکەوە بێت .

لەبارەی هەڵوێستی شەرمنانەی حکومەتی عیراق، دەرکەوت لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراقەوە کابینە یەك لەدوا یەکەکانی حکومەتی عیراق، جگە لەوەی لە ناوخۆی ولآتدا نەیانتوانیوە هاولآتیان بپارێزن لە هەرەشەی تیرۆرسستان و پاشماوەکانی بەعس، لەرووی دیبلۆماسیشەوە نەیانتوانیوە ئەو تاوانانەی لەلایەن ولآتانی دراوسێوە دەرهەق بە خاك و هاولآتیانی هەرێمی کوردستان و عیراق دەکرێت رابگرن. بەداخەوە حکومەتی ئیتحادی لە پرسی سنورو پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا خۆی بە بەرپرسیار نازانێت، لەبەرامبەر ئەو دۆخەی لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێت. بۆیە پێویستە ناوەندەکانی بڕیار لە هەرێمی کوردستان ڕێوشوێنی نوێ بگرنە بەر بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە، هەروەها هەڵوێستەکانی پەرلەمانی کوردستان بکەنە بنەما بۆ ڕێوشوێنی چارەسەرکردنی گرفتەکان کە لە ماوەی رابردوداو لە چەند دانیشتنێکی نائاسایدا بڕیاری لەسەرداوە.

داوا لە نەتەوە یەکگرتوەکان دەکەین بەزوویی لێکۆڵینەوە لەو پێشێلکاریانە بکات کە دەرهەق بە خەڵکی سیڤیل و دانیشتوانی ناوچە سنوریەکان و ناوچە دابرێنراوەکانی کوردستان ئەنجام دەدرێت. لەهەمانکاتدا داوا لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و لایەنی سیاسی و کەناڵەکانی دروستکردنی رای گشتی دەکەین، بە هەستیاری زیاترەوە بڕواننە ئەو زنجیرە پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ کە بە شێوازی جۆراو جۆرو خوێن ساردانە دەرهەق بەخاك و خەڵکی هەرێمی کوردستاندا پەیرەو دەکرێن.

**لیژنەی مافی مرۆڤ**

**لەپەرلەمانی کوردستان**

٢٠١١/٨/٢٣